السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئێوە بە پەرۆش دەبن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات وفەرمانڕەوایی، ودەبێتە هۆی پەشیمانی لە ڕۆژی قیامەتدا، چەند بەتامە سەرەتای شیرپێدان، وچەند خراپ وناڕەحەتە شیربڕینەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئێوە بە پەرۆش دەبن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات وفەرمانڕەوایی، ودەبێتە هۆی پەشیمانی لە ڕۆژی قیامەتدا، چەند بەتامە سەرەتای شیرپێدان، وچەند خراپ وناڕەحەتە شیربڕینەوە».
[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئاماژە بۆ مەزنی مەسەلەی فەرمانڕەوایی دەکات وئەوەیشی هەمان حوکمی هەیە وەکو دادگا، چونکە سەرەنجام ولێپرسینەوەی زۆری لەسەرە لە قیامەتدا، وئاگاداری تێدایە سەبارەت بە داواکردنی وسووربوون لەسەر بەدەستهێنانی، ئەمیش بەستراوەتەوە بە کەسێک کە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی بدات وسوور بێت لەسەر ئەمە وشایستەی ئەوە نەبێت کە ئەو بەرپرسیاریەتیەی پێبدرێت، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی کە هەوڵی بۆ نادات بەڵام لە لایەن کەسێکی ترەوە بکرێت بە بەرپرسیار وشایەنی ئەو شوێنە بێت ودادپەروەر بێت لەو ئەرکەدا؛ ئەوا لێرەدا ئەم کەسە هاوکاری وپشتیوانی دەکرێت لەم ئەرکەدا هەروەکو لە فەرموودەی تردا هاتووە، وسەرەتای گرتنە دەستی فەرمانڕەوایی لەم فەرموودەیەدا بە سەرەتای شیرپێدانی منداڵ چوێندراوە بەهۆی بەدەستهێنانی ماڵ وسامان وپلەوپایە وجێبەجێکردنی بڕیارەکان، بەڵام کۆتایی فەرمانڕەواییەکە چوێندراوە بە شیربڕینەوە کە لای منداڵ ناخۆش وناڕەحەتە بەهەمان شێوە کۆتایی وسەرەنجامی فەرمانڕەوایی نادادپەروەرانە لە ڕۆژی قیامەتدا پەشیمانی وئازار وناڕەحەتییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64681

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee